وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نیگەرانی خۆی دەربڕی سەبارەت بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی لە عێراق



وێلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاری نیگەرانە لە یاسای (قەدەغەکردنی لەشفرۆشی و هاوکارگرخوازی) کە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پەسەندی کرد.

لە بەیاننامەیەکدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت، "ئەم یاسایە مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان دەخاتە مەترسییەوە کە لە لایەن دەستوورەوە پارێزراون".

بەگوێرەی بەیاننامەکە، ئەم یاسایە هەڕەشە لە کۆمەڵگای عێراق دەکات، دەکرێت بڕیگریکردن لە ئازادیی قسەکردن و ڕادەربڕینی کەسی بکاربهێنرێت، هەروەها دەبێتە بڕبڕەست بۆ کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە سەرتاسەری عێراقدا، وەک لە بەیاننامەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا هاتووە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت، "ئەم یاسایە توانای عێراق لاواز دەکات بۆ هەڵچنینکردنی ئابووری و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی" پێشیوایە، ڕزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و یەکگرتوویی سیاسی و ئابووری بۆ ئاسایش و سەقامگیری و خۆشگوزەرانیی عێراق زۆر گرنگە